## سەبارەت بە دەستگیرکردنی مەلا کرێکار

**رزگار شەیبان**

**مەلا کرێکار سەرکردەی باندیی تیرۆرستە ئیسلامییە سیاسیەکانی کوردستانی عیراق لەکاتی گەرانەوەی لە ئیرانەوە بۆ ئۆسلۆ، لە رۆژی ١٣ ی سیپتەمبەر لە ترانزیتی ئەمستەردامدا دەستگیر دەکرێت. گەرانەوەی مەلا کرێکار بۆ ئۆسلۆ رێك بەدوای راگەیاندنی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و سەکشۆنی خاریجی و وەزیری کۆمۆنالْ بۆ لیسەندنەوی مافی پەنابەریی ئەو لە نەرویج، بوو. مەلا کرێکار بە هیوای خۆپاکردنەوە لەتاوان و مرۆڤ کوژی، لە رێگای بەچکە تیرۆرستە سەرکزەکانی هاورێی لە نەرویج، و میدیاکانی وەك هاوولاتی، و وتووێژی لە گەل بەرنامەی تەلەفزیۆنی ن. ر. ك کە هاوولاتی ئەنجامی دابوو، رایدەگەیان و دەیوویست وا پیشان بدات کە ئەو بێتاوانە و دەستی لە کوشتن و وویرانکاریی، و کۆمەلْکوژی ئاوایی خێلی حەمە نییە. هیچ گرفتێکیشی لە وولاتی نەرویح نییە و دەشتوانێت بگەرێتەوە و هیچ بەلگەیەکی خراپ بەدەستەوە نییە لەسەر ئەو. ئەو لەکاتێکدا ئەو قسانەی فرێدەدا کە دادگاە دیموکراتی و بیرۆکراتییەکانی ئەورووپایی باش دەناسی کە دەتوانێت پارێزەری هەبێت و هیچ بەلگەیەکیش کە ئەودادگانە بۆ تاوانبار کردنی تاوانبارێك پێوویست بێت بەدەستەوە نییە، لە چەشنی ئەوەی کە خۆیی بەدەستی خۆیی تاوانەکەی ئەنجام دابێت و بەلْگە هەبێت بۆی. . . هیتلەر لەسەر کێشی و شەهامەتی خۆیەوە بوو کە خۆیی کوشت، ئەگینا ئەو کام بومبی بەدەستی خۆیی فرێدا و کام هەلسووراوی چەپ و کرێکاریی و کۆمۆنیستی، و یەهودی بەدەستی خۆی سووتاند. لە هاوکێشە و لێکدانەوەی مەلا کرێکار بۆ تاوانبار بوون، سەدام حسین یش بێتاوانە و هەموو ئەوتاوانانەی کە لە کوردستان و عیراق دەکرا، کوا لەکام ئۆپراشۆندا راستەوخۆ بەشداربوو، مەگەر ئەو لە بغداد بۆخۆیی دانەنیشتبوو. . . ! ئەم قسانە دەکرا جێگایەك بگرێت پێش رووداوی ١١ی سپتامبەر، دەکرا تەنانەت دادگا دیموکراتییەکانی ئەورووپا بەنرخی مۆری فەرهەنگی خۆیی و نیشاندانی وێنەیەی خراپ و تاوانکاربوون بەرامبەر خاریجی و خەلکی جیهانی سێیەم، لیبووردن یان دەرچوون لە ژێر ئەوتاوانانە، و خۆپاکردنەوە لە تواناد هەبووایە. . .**

**بەلام دوای ١١ی سپتامبەر، جیهانی پێشکەوتووخواز و مودێرن و هێزی مرۆڤیانەی رێگای سییەم و خەلکی دژ بە هەردوو بەرەی تیرۆرست ئەوەندە چاویان لە ئاست رووداوەکاندا کراوەیە، تاوانکاریەکانی هەردوو بەرەی تیرۆرستی ئیسلامی سیاسی و تیرۆرستی دەولەتی، بەئاسانی بەکۆلانی تاریك و تەسکدا نەبرێتە دەرەوە.**

**بۆیە ئالوگۆری هەلومەرجی سیاسی جیهان و ناوچەکە بواری بۆ ئاشکرابوونی هەموو تاوانی ئیسلامییەکانی کوردستان لە رووبەرێکی فراوانتردا، رەخساند. وە بروانکەم هەروا بەئاسانی دادگان و پارێزەران بتوانن مەلا کرێکاری تاوانبار بەو کۆلانەدا بەرنە دەرەوە و کەس بە تاوانباربوونی نەزانێ، و سزایی تاوانەکانی خۆی وەرنەگرێ.**

**خەلکی پێشکەوتووخواز**

**دەستگیرکردنی مەلا کرێکار فرسەتێکە بۆ هەموو ئەوانەی کە بەر هێرش و سەرکوتی ئیسلامییەکانی کوردستان کەوتوون، بۆ هەموو ئەو ئەو ژنانەی کە چەندان سالە لەژێر سەرکوتی ئیسلامییەکاندا و بەدەست جەهالەتی ئەوانەوە دەنالێنن، بۆ هەموو ئەولاوانەی کە بە تیزاب ئەشکەنجەدران و بەر هیرشی چەکی ئەسیدی ئیسلامییەکان کەوتن، ، بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە ترسی کوشتاری ئەوان جێگای ژیانیان بەجێهێشت و ئاوارەبوون، بۆ هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز. . بێنە مەیدان و وەك یەکەمین داخوازیاری دادگاە، و وە داوای دادگایەکی ئاوالە و دەرگا کراوە بکەن.**

**چارەنووسی تاوانبار مەلا کرێکار دەبێت بکەوێتە دەست ئەو خەلکانەی کە داخوازیاری دادگایی ئەون و قوربانی راستەوخۆی ئیسلامییەکانن. وە دەبێت هەموو ئەوکەسانە هەلرەخساوی ئەوەبن کە لە دادگایەکی ئاوادا بەشداری راستەوخۆی ئەوجێگایەبن.**

**گواستنەوەی مەلا کرێکار بۆ ئۆردووی دەسبەسەر یان بەدەستەوەدانی بە لێپرسراوانی سەربازی ئەمریکا، کە هەوالەکان وا چاوەرواندەکەن، کارێکە کە بە سوودی خەلکی کوردستان نییە و هەموو نهێنییەکانی تاوانباران و مرۆڤ کوژی و**

www.kurdistannet.org

خراپەکاریی ئیسلامییەکان دەچێتە سندوقی ئارشیڤی ئەوانەوە و خەلکی کوردستان کە قەربانی راستەوخۆی ئەو تاوانبارەن لە هەموو هەواڵ و ووردەکاریەکانی ئیسلامییە تیرۆرستەکان بێبەش دەبن، و ناتوانن راستەوخۆ بریاری خۆیان لەدادگادا لە دژی ئەو تاوانبارە بەیان بکەن.

بۆیە دەبێت بە زووی دادگایەك لە ئۆسلۆ بۆ ئەوتاوانبارە بەرپابکرێت، وە هاوکات کۆمیسیۆنێك بۆ لێپرسینەوە و بەدواچوونی تاوانەکانی ئەو، و هەموو ئیسلامییەکانی کوردستان پێکبهێندرێت.

باشترین سزای ئەوتاوانبارە نە سێدارەیە و نە چاوبەستن و نە ئازار و شکەنجە، بەلکو ئاشکرا کردنی هەموو تاوانەکانی ئەو، و دانپیانانی ئەو تاوانانەیە لە زمانی خۆیەوە. وە رسواکردنی هەموو تاوانبارانی ئیسلامییە سیاسیەکانی کوردستان و تیرۆرستەکان. وە ئاشکرا کردنی تاوانەکانیان لە روویی جیهاندا.

بەمە خەلکی کوردستان فرسەتی بۆ لەباردەبێت کە پارێزگاریکردن لە کۆمەلگایی مودیرن، و وە ستانەوە بەرووی تاوانباران و مرۆڤ کوژانی ئیسلامییەکان لەتوانایدا بێت، وە دەکرێت هەر لە کوردستانیشدا چەندان تاوانباری وەك مەلا کرێکار، دادگایی بکرێن و بە سزای تاوانی خۆیان بگەیەنرێن.

15 September 2002
Rezgar Shaiban

www.kurdistannet.org